# بۆچوونێك دەربارەیکۆمەڵگەی مەدەنی ئەوروپا !!

حەسەن سەیدباقی

ئەم بابەتە دەخەمە بەردەم خوێنەران لایەك بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر واقعی كۆمەڵگای ئەوروپی ولایەك بۆ لێكۆڵینەوەوتوێژینەوە، گەرچی بابەتێكی ئاوها ئاسان نییە دەستی تێوەردەی، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا بە پێویستم زانی بۆ لێدوان و مشتومڕكردن لەسەری كەمێك بنوسم.

ئەمڕۆكە لە تەواوی دنیاو بەتایبەت لەئەوروپادا، مرۆڤ وەك واقعیەیەتی خۆیی وتواناو شێوەی دەرەكی دەور دەبینێ تا ئەو ڕادەی تێكەڵ بەڕووداوەكان بووە.مرۆڤ كەرەسەی ژیانە وكار یەكە پیاو خۆری مرۆڤە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لەسەری بدوێم، باری ئابووری و كۆمەلأیەتی و فەرهەنگیە،كە تاڕادەیەك تەواوی ئەوروپا لەیەكەوە نزیكن، وەهەندێك بوار هەیە ناتوانرێت بەئاسانی لێك جوێ بكرێنەوە، من لێرەدا باس لەئەڵمانیا دەكەم چونكە وەك سەنتەر وایە، وە یەككرتنەوەی ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاواشە، لێرەدا ماوەیەك ژیاوم و كەمێك شارەزایم لەسەر پەیوەندەیە كۆمەلأیەتیەكان پەیداكردووە.

باری ئابووری ودەرامەتی ژیان بڕیاربەسەر تاكەكانی ئەم كۆمەڵگایەدا دەدات، وە فەرمانڕەوایی لایەنەكانی تری ژیان دەكات. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەسەلأت دەكەوێتە دەست مۆنۆپۆڵەكان ودەبنە بڕیادەری واقعیەتی ژیان، ئەو كارگەو فێرما گەورانەی كە هەن ڕێك كەوتوون لەسەر ئەوەی، بازاڕ بۆ شمەكەكانیان دروست بكەن، و بەرژەوەندیەكانیان پێكەوە گرێبدەن، لە هەموو بوارەكاندا، وە كۆنترۆڵی هەموو دنیاش لەڕێگەی سەرمایەكەیانەوە بكەن. هەروەك ئەمڕۆ دیاردەی گلۆبالیزم(جیهانگیری)كە لەتەواوی دنیادا ناڕەزای و خۆپیشاندان هەیە بەرامبەری، لەشوێنەكانی كۆبونەوەكان یابان و ئەمریكاو لەم دوایەشدا لەئوستراليا بەردەوامی هەیە.هەوەها یەككرتنەوەی(ڤیزیۆنی) فێرماكان كە مستێكی كوشندەیە بۆ بێكار كردنی ژمارەیەكی زۆرتری كرێكاران. واتە فێرما مۆنۆپۆڵەكان دەتوانن و ڕێككەوتوون لەسەر ئەوەی سزای هەر هێزو لایەنێك و تاكە كەسێك بدەن كە بیانەوێت، هەروەك بازاڕی ئەوروپی ئەمڕۆكە شێوازی ئەو یاساو ڕێسایەی دایان ناوەو هەیانە بۆ هەر ولأتێك كەبیەوێت بێتە ئەندام لە یەكیەتیەكەیاندابەپێی خواست و بەرژەوەندیەكەیانە. سەرمایەدارە مۆنۆپۆلەكان هەمیشە بەدوای هێزی كاری هەرزاندا دەگەڕێن، نەخشەو پلانی بۆ ڕێكدەخەن، بۆ ئەوەی زێترسودیان هەبێت و سەرمایەكەیان كەڵەكە دەكەن. وەك فێرمای سیمنس و فۆرد بەنموونە بهێنینەوە كە كۆنترین فێرمان و ناوبانگێكی باشیان هەیە، بەلأم سیمنس ئێستا بەناو سیمنسە دەنا بنكەكەیان گواستوەتەوە بۆ چین و تایوان و..تاد. دەپرسین بۆچ ئەمەیان كردووە بۆ نا لە ئەڵمانیا؟! ئەم وەلأمە ئاسانە گەر بەوردی لێكدانەوەمان هەبێت و تێگەیشتنێكی واقعیمان هەبێت لەسەر سەرمایەداری، هەروەك باسمان كرد سەرمایەداری بیری لای كەڵەكەبوونی سەرمایەو زێدەباییەكەیەتی، لەكاتێكدا كرێی كرێكارێك لە چیندا لەوانەیە مانگی ٢٠٠ مارك بێت، بە



©Kurdistan Net

حوکمی واقعی چینی، بەڵام کرێی هەمان کرێکار کە هەمان کار دەکات لەئەڵمانیا ٣٠٠٠مارك زێترە پلەص تأمین و شتۆیەرو..تاد. کە ئەمەش زیرەکی خاوەند فێرماکان و پسپۆرەئابووری زانەکانە، وئاوڕدانەوەیانە لە باری ئابوورییان، لەکاتێکدا پارچەیەك ئەلەکترۆنی بەدەست هاتوو هەرزانتر دەکەوێت لەو ولآتانەدا، بۆ نموونە گەر کۆمپیوتەرێك لە ئەڵمانیادا دروست بکرێت لەوانەیە ٤٠٠مارك بکەوێت لەسەر فێرماکە، بەڵام هەمان کۆمپیوتەر بەهەمان سیفات گەرلە چیندا دروست بکرێت ٤٠ مارك بگرە کەمتریش دەکەوێت، ئەمە بۆ خودی خۆیی پارسەنگی کارەو کۆکردنەوەی سەرمایەیەو بیری تیژی سەرمایەدارانە بۆ پتەوکردنی بنکە ئابووریەکەیان، بێ گوێدانە هەرشتێکی تر وەك لە ئەڵمانیادا نزیکەی چوار ملیۆن و نیو بێکار هەیە، کەئاستی ژیانیان زۆر نزمەو نزمتر دەبێت بە تێپەڕبوونی کات.تا ڕادەی ئەوەی نەتوانن بۆماوەی مانگێك بەویستی خۆیان گەشتێك بۆ دەرەوەی ولآتەکەیان بکەن.لە هەمان کاتدا نرخی شمەك ڕۆژبەڕۆژلەبەرز بوونەوەدایە، بۆ نموونە نرخی لیترێك بەنزین لەم سێ ساڵەدا ٤٠ فنك زیادی کردوە، هەروەها هەموو پێداویستیەکانی تری ژیان، کرێی پاص وگواستنەوە.. تاد. بەڵام یارمەتی سۆسیال و بێکاری هەر لەجێگەی خۆیدایە، وبگرە لەهەندێك حاڵەتدا کەمیشی کردووە. ئەمەش وا دەکات هەمیشە مرۆڤ لەم ولآتانەدا وابەستەی بیرو بۆچونەکانی ئەوان بێت، و لە ئێش و ئازارە دەرونیەکاندا بژی و گوزەرانی باش نەبێت، و پەیوەندیە کۆمەڵاییەتیەکان لاواز دەبێت و هەڵدەوەشێت، خەڵکی سەر جادەکان لەزیاتر بوندایە، پەنا بۆ مشروب خواردنەوەو دەرمان دەبەن تا خۆیان و ئازارەکانیان لەبیر کەن، گەرچی ئەوە ڕێگە چارە نییە بۆیان.بەڵام دەیکەن و ڕێژەی دەرمان خوری ڕۆژانە لە زیاد بوندایە، وە کارکردی بێکاری بیری ڕەگەز پەرستی، شۆڤێنستی دروست وزاڵ دەکات، چونکە واهەست دەکەن کە زۆر بوونی بێگانە لەولآتەکەیاندا دەبێتە هۆی بێکاری ئەوان، گەرچی ڕاستیەکەی پێشکەوتنی تەکنیك و پرۆگرامی خاوەندکارەکانە کە هێزی کاری کەمتریان دەوێت، بۆ نمونە گەر هێزی کار لە دەساڵی ڕابووردودا لە فێرمایەکدا ٣٠هەزار کرێکار بوبێت، ئێستاکە ناگاتە هەزار کرێکار، واتە ئەوەکەی تری بێکارە. بەڵام باری تەکنیکی لەبەرەو پێشچوندایەو ئاستی باڵا بەخۆوە دەبینێ، تا ڕادەی ئەوەی کە جۆرەها ئامێری کۆمپیەتەر بۆ چارەسەری نەخۆشی و بەکارهێنانی لەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بوارەکانی تردابەکار دێت. بەڵام لەبواری بیری و هۆشیاری زانستیدا زۆر بەکەمی دەبینرێت یان هەر نییە، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کۆندا بۆنموونە زۆر زانای وەك نیوتن و بیرئنشتاین و مارکس و..تاد. بوونی هەبووە. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو پەروەردەکردنەیە کە ئێستا هەیە، ئەو بارە ئابووریەی کە دەگوزەرێت خۆی نوێ کردووەتەوە بۆ زیاتر چەوساندنەوەو مژینی خوێنی شادەمارەکانی ئەو کۆمەڵگایە. ئەگەر ئەو پرسیارە لە مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی بکەی، ئایا گوزەرانی کۆمەڵگای ئەوروپی چۆن دەبینی؟ گەر ئەو مرۆڤە خاوەند منداڵ بێت بێ سێ ودوو دەڵێت زۆر باشەو خەڵك چی دەوێت هەیەو مرۆڤ ئازادەو..تاد. ئەمانەش لەواقعی خۆیانەوە سەیر دەکەن، ولەسەر ماڵی مامەن(سۆسیال _ شارەوانی) تێکەڵاویان نییە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەدا وکار ناکەن، گەر باری ئابووریان هەڵسەنگێنیت لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیان بۆنمونە کوردستان،

ئەفغانستان.. زۆرباشترە دوور نییە لەولا هیچیان نەبووبێت، بەلاّم لێرە خاوەند زۆر شتن، بیّ ئەوەی بیر لەداهاتووی خۆیان و بەتایبەت منداڵەکانیان بکەنەوە، ئایا شێوازی پەیوەندیە مرۆییەکانیان بۆکویّ دەچێت و ئەو ڕەوشتە کۆمەلاّیەتییەی زالّ دەبێت بەسەریاندا چییەو چۆن خێزانێك پێکدەهێنن؟ وە ئەو نەخۆشیە دەرونیانەی چاوەڕوانیان دەکات و توشیان دەبێت چییەو چۆن چارەسەر دەکرێت؟! تەنها بیریان لای ئەو برە پارەیە کە بەدەستی دەهێنن یان وەك ئەوەی پێان دەبەخشرێت لە لای ماڵی مامەوە(سۆسیال)!! ئەم جەنابانە کۆمەڵگای ئەڵمانی لەو تێڕوانینەوە هەڵدەسەنگێنن، هەروەهالە نەبونی ئاستی ڕۆشنفکری و تێنەگەیشتنی واقعیەتی ئەو کۆمەڵگایە، ئەمەش بۆ خودی خۆی شورەییە، جێگەی داخە کەبەبیری تەسکی خۆویستیەوە دەڕواننە ڕووداوەکان.

لەم کۆمەڵگایەدا سۆزو خۆشەویستی نەماوە، گەر هەشبێت زۆر لاوازەو توشی نامۆیی(اغتراب)دەبن، بەهۆی ئەوەی کەمرۆڤەکان لەهەڵپەی پەیدا کردنی بژێوی ژیاندان، بەیانیان زۆر زوو دەردەچن بۆشوێنی کارەکانیان ئێواران درەنگانێك دەگەڕێنەوە، کە هێندە ماندوو شەکەتن ئارەزووی هیچ شتێکیان نییە، پاش حەوانەوەیەکی کەم بەرەو چەرپای خەوتن دەچن، تا سبەی بۆ جارێکی تر بۆ شوێنی کاریان بڕۆنەوە، ئەو مرۆڤانە وەك بەشێك لە ئامێرەکانی کارگەیان لێهاتووە، ئەمەش وا دەکات ماوەی زۆر کەم بێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، وە پێدانی سۆزو خۆشەویستی، دەورو بەریش کاری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر منداڵان، ئەمە لای ئێمە شێوازێکی تری بەخۆوە گرتووە کە خێزانە، لێرەشدا گەر خێزانیش هەبێت پەیوەندیەکان هێندە لاوازە سۆز نامێنێت و بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات، زۆربەی منداڵەکان بیّ باوکن یان چەند باوکێکیان هەیە، ئەمەش وادەکات منداڵەکان نازانن خۆشەویستی بەکامیان بدەن، و شێوازی خۆپەرستی تێیاندا بەرجەستە دەبێت، هەر لەمنداڵیەوە تا گەورە دەبن ولە ژیانیاندا ڕەنگدەداتەوە، دایکیشیان وەك سۆزانیەك لەگەڵ چەند کەسێکدایە، بۆ بەسەر بردنی کاتی خۆشی ژیانیخۆیان.نامەوێت تیرو توانج بدەم لە کۆمەڵگای ئەوروپی، لەواقیعیشدا ناتوانم چاو لەڕاستیەکان بنوقێنم کە دەیان بینم، زۆر کەس و لایەن هەیە لایان وایە ئەوە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی ئەم گەلانەیە کەپێی گەشتوون لە چەندین ساڵی ڕابووردوودا، بەلاّم من وای نابینم ودەڵێم ئەوەداڕمان و گەڕاندنەوەیە بۆ کۆمەڵگای سەرەتایی و نەمانی هیچ نرخێکە بۆ مرۆڤ، واتە ئاژەڵیانە رەفتاری خۆیان بکەن، چ لە پەیوەندی سێکسی بێت یان کاری ڕۆژانەیان. ئەمە کەدەڵێم دەکەومە بەر تیری ڕەخنەی دۆست و هاوڕێیان، بەلاّم پێش ئەوەی ئەو ڕەخنانەم ئامێز بکرێت، دەڵێم باوەڕی تەواوم بە ئازادی مرۆڤ و نەمانی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکە، وخەباتم بۆ تێکشکاندنی کاری کرێگرتەیە، بەلاّم داخەکەم **ئەوەی لە ئەورووپا دەگوزەرێت نەسەربەستیە، نەبەرئەنجامی خەباتیانە**. دەوترێت ئافرەت سەربەستی وەرگرتووە، بەڵیّ ڕاستە بەلاّم کام سەربەستی؟ سەربەستی زیاتر چەوساندنەوەیان لە ئافرەتی ڕۆژهەلاّتی!! چونکەکرێکار هێزی کاری خۆی

دەفرۆشێت ودەچەوسێتەوە، بەلاَم ئافرەت دووجار دەچەوسێتەوە، جارێك بەهێزی كارەكەی كەدەیفرۆشێت، جارێكیش بەری ڕەنجی لاشەی دەخوات. واتە فرۆشتنی خۆی وەك كالاَیەكی تری كۆمەلگا، هەروەك دەبینین لەپروپاگندەكاندا هەمیشە ئافرەت دەبێتە كەرەسەی دووەم لەگەلّ شمەكی پروپاگندە بۆ كراودا. هەروەها زۆربەی كەنالّەكانی تەلەڤیزۆین و ئەنتەرنێت و..تاد. وێنەی ئافرەتی رووت نیشان دەدەن،كە لەڕاستیدا فرۆشتنی ئەو ئافرەتانەیە، وەك سەردەمی كۆن كە لەبازاڕەكانی عكازدا ئافرەتیان دەهێناو دەیان فرۆشتن بە عەرەبەكان، بەلاَم ئەمە ئێستا بەشێوازی پێشكەوتووتر دەكرێت و سەدان دام و دەزگە هەیە شوێنی تایبەتن بۆ فرۆشتن و بەكرێدانی ئافرەت، وەك هێنانی ئافرەتی گەنجی پۆلۆنی و تایلاندی و..تاد.فرۆشتنی بە خاوەند پارەكان بۆتێر بوونی كاری سێكسیان، ئەمە بەچەند هەزار ماركێك ئەنجام دەدرێت، تا ڕادەی ئەوەی ئەم واقیعە كاری كردووەتە سەر خەلّكانی لای ئێمەش، بۆ نموونە برادەرێكی كورد كە ماوەیەكی زۆرە لەئەلّمانیادایە بە برادەرێكی دەلّێت كچێكی جوانی تایلاندی هەڤالّمە، ئەزانی گەر بە پارە بێت چوار هەزار دەكات، سەیركەن ئا ئەوەیە واقعیەتی ئەورروپاو پەیوەندیەكان بە پارە دەپێورێت، یاخود كوڕوكچێك چەند سالّێك برادەری یەكن، بەلاَم نایخوازێت بەشێوەی ڕەسمی هۆكەشی باری ئابووریەكەیە، تا گەر یەكێكیان كاری كرد، كار لەسەر باری پولیان نەكات، وە زۆرجاریش بیانووی لەیەكتر گەشتن دێننە پێشەوە، هەروەها وەك لەپێشەوە وتم خۆویستیش لەكیانیاندا هەیەو هەریەك دەیەوێت سەربەست بێت. زۆرجار چەند سالّێك پێكەوەدەژین پاشان دەلّێن (چوز)، واتە واز لەیەكترهێنان. وەهەریەكەیان بەبارێكی ترەوە خەریكەو لەهەولّی پەیوەندی نوێدایە. ئافرەت سەرەتا پەیوەندی ئاسایی دەكات و پەیوەندیە سێكسیەكانی خۆی دەكات، تا تەمەنێك بەسەر دەبات پاشان لە قۆناغێكی تردا، شێوازی حەزەكانی دەگۆڕێت وحەزلە ئافرەت دەكات ودەبێتە(لێسبیش)، لەتەمەنی ٢٨سالّی بەدواوە حەزی لەدروست كردنی منداڵو پەیوەندی دەكات لەگەلّ پیاوێك و منداڵ دروست دەكات.نامەوێت زیاتر بچمە ناخەوە ئەمە لێرەدا بەسە. وە زۆر لەپیاوەكان كە دەچنە تەمەنەوە، یان لەتەمەنی لاویدا لەئەنجامی ئەو واقعە گەندەڵەوە كە تیا دەژین بەتەنیایی حەز لەڕەگەزی بەرامبەری خۆیان(پیاو) دەكەن كەپێیان دەوترێت(شڤول)ئەمەش لەكۆمەلّگای ئەورووپی(ئەلّمانی)دا كەم نین.

ئەمەو ئەو واقیعە تالّە كاری ڕاستەوخۆ لەسەر مرۆڤەكان دەكات، تووشی نەخۆشیە دەرونیەكانیان دەكات، مرۆڤ زۆر بەئاسانی هەست بە ئەو بارە ناهەموارە دەكات، لەئەنجامی ئەمەدا زۆرجار خۆكوژی، یا منداڵ و ژن كوشتن و پیاوی خۆ كوشتن ڕوودەدات.هەمیشە زەردە خەندەی سەرلێویان زەردهەلّدەگەڕێت ولێوبەبارن. تا ڕادەی ئەوەی سروشتیش كارلەهەست ونەستیان دەكات. لە ئەنجامی كەمی خۆرو ناخۆشی كەش وهەوا، زۆری كاركردن و بەسەر بردنی ژیانیان بەتەنهایی، هەروەك دەبینین كاتێك كە خۆر بێت مرۆڤەكان خۆیان لەبەر هەتاو هەلّدەخەن بەڕووتی، لایەك ئاسودەییە، لایدووەمی دەربڕینی ئازارە دەرونییەكانیانە بەوشێوەیە، ودروست بوونی زۆر

تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتیە لەنێو کۆمەڵدا، هەندێك جار خێزان کە تێك دەچێت منداڵەکان پێش هەموو کەس زەرەرمەند دەبن، توشی سەرلێشێواوی دێن، هەندێکیان دەچنە هەتیوخانە(هایم) بۆ ژیان بەسەر بردن، بەڵام لەوێدا پەیوەندیەکانیان گۆڕانی بەسەردادێت و لەگەڵ دەیان جۆری تری خەڵکاپەیوەندی دەکەن و ژیان بەسەر دەبەن. هەندێك دەکەونە سەرجادەکان هەر لەسەرەتای لاویدا توشی جگەرە کێشان و پاشان (حەشیش و دەرمان) خۆری دەبن. لەوێشەوە پەیوەندی لەگەڵ چەندین کەسدا دەبەستن، کە هەر لەسەرەتایی لاویدا هەمو شتێك دەدۆڕێنن بۆنمونە کچ زۆر زوو پەردەی کچێتی لەدەست دەدات، حەزوو ئارەزووەکانیان تەنها پەیدا کردنی دەرمانەکەیانە، هەندێك جار بەشوێن خۆشەویستێکدا دەگەڕێن، بەڵام بەداخەوە چنگیان ناکەوێت، گەر پەیداشیکەن زۆر لاوازدەبێت، بەهۆی ئەوەی کەسی یەکەم کەناسیویەتی لەڕێگەی دەرمان خۆریەوە بووە. زۆرجار واڕێك دەکەوێت کچێکی زۆر گەنج پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەندا دەکات، هۆکەی دوورنییە ئەوە بێت، کەئەو کچە بەدوای سۆزی باوکایەتیدادەگەڕێت ودەیەوێت ئەوسۆزەی لێوەر بگرێت، چونکە بەمنداڵی لەوسۆزە بێ بەش بووە لە ئەنجامی ئەوکێشە خێزانی و کۆمەڵایەتیانەی کە هەیە، بەڵام پیاوەکە بەشێوەیەکی تر بیر لەو پەیوەندیە دەکاتەوە. واتە ئازادی ئابووری راستەوخۆ کارکردی خۆی هەیە لەسەر ئافرەت لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لایەنێك ئازادی ئافرەتە لە واقعی تاڵی پیاو سالاری، لای دووەم غەرا کردنی ئافرەتە بەو واقعەی کەهەیەتی، دورکەوتنەوەیەتی لەسۆزی خۆشەویستی و پشت بەستنە بە ئابووری سەربەخۆ، ئەمەش بەشێکی تری چەوساندنەوەی ئافرەتە لەو کۆمەڵگایەدا، وەرزگاری ئافرەتیش بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەبێت، واتە تێکشکاندنی کاری کرێگرتەو، گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ئەسڵی خۆی، نەك بەوەی کەزۆربەی ئافرەتانی رۆژهەڵاتی توشی کێشە دەبن لەئەوروپا، ئەوە **به لوتکەی سەربەستی دەپێون، کە لەڕاستیدا لوتکەی دیلیانەو بونیانە بە کەرەسەیەکی تری کۆمەڵایەتی.**

ئەڵمانیا